www.kurdistannet.org
11-9-2005 19:56 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەلبومی عەشق. . . . . . بێتوش محەمەد

هەموو ڕۆژێ جارێك وەرە
لێوت لەسەر لێوم دانێ. .
باجی ماچێك گەر مەرگ بێ
رۆحم دێنم ئەڵێم هانێ. . . .
هەر کە خۆری نیگات دەرکەوت
مانگی خەمم ئاوا دەبێ،. .
هەرگیز لەیەك بێزار نەبین
گیانە، عەشق ئاوا دەبێ. . . .
با لەئەلبومی عەشقدا
وێنەیەك بین هەتا مردن. .
نەبا ڕۆژێ دەستی زەمەن
دامان بڕێ، لەماچ کردن. . .

betush_aso@yahoo. com